# شتە ڕەزا قورسەکان

٧



دلشاد کاوانی

Dkawaniy١@yahoo.com

## زمانی زبر و زمانی گوڵ

زۆر جار هەموومان لەکارو باری ڕۆژانەدا، گوێبیسی ئەم وشەیە ئـەبین ئەگـەر کەسـێك قسەیێکی ناشـیرن بەخـەڵك بڵێتو یاخود زمانی جنێو ئاسا بەکاربەرێت، دەڵێن زمانی زبرە، یان لەشەڕی نێوان منداڵاندا یەکێ جنێو بـەوەیتر بدات، پێیدەڵێن زمانی پیسە، خوانەکرانێ ئەمە مانای ئەوەنیە شتێکی بەسەری زمانەوە بێت نـا.. بـەڵکو ئـەوەی دەریئەبرێت ناشایستەو نابەجێیە،ئەمەش لەیەکێکەوە بۆیەکێکی تر جیاوازی زۆرە، جگە لەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمـەڵگاییێکی تونـدو تیـژو باوکـسالاریە، بـچوکترین توندوتیـژی لـە جنێـودان، وەك خۆیـان گووتـەنی کەرامەتشکاندنە؟! بێگومان ئەم دیاردەیە هەر لەسەرەتای پەروەردەکردنی منداڵەوە بەقسەی سوك وەك حیز، سەگ بابو حەیوان، کەرەکەو لەم جۆرە شتانە فرچك ئەگرن، دواتر ووردە ووردە لە قوتابخانە لەنێوان هاوڕێکانو بگرە زۆرجار بینیومانە منداڵ جنێو بەدایكو باوکی ئەدا، کە دەبێت مرۆڤ لۆکە لـەگوێی بنێـت، ئەگـەر نـا...خـراپ ئەقەومێت..، پاشان ئەمە بۆمەیدانی سوحبەتو گاڵتەو گەپی پیاوانو هەندێ لـە ژنـانیش دەگرێتـەخۆ، بگرە زۆر جار ئەو کەسەی جنێوی پێئەدرێتو ڕسوائەکرێت، کەیفیشی ئەسازێت، وەك ئـەو کـوڕەی کـە ئاغـای گوندەکـەیان پێیدەڵێت، سەگباب کوڕی کێی؟،ئەویش بەپەلەو بەدەست وبرد بێدواکەوتن ئەم مزگێنیـە بـۆ بـاوکی ئەگێڕێتـەوە، ئەویش پێیدەڵێت کوڕم ئەمە پیاوەتی تۆنیە هی باوکتە!

با لـەم نەزیرۆکانـەش گـەڕێن، ئـەڵێن مامۆسـتاییێکی ئـاینی هەڵدەسـتیێو دادەنیشێت، بەخـەڵکی دەڵێـت گـەوادو دەیوسو بیژی، ئەولاد شەواریع، بکەن بۆخاتری خوا ئەمە کەی زمانی پیاوێکی نەسیحەتکارو لە خواترسە،لەمەش ماڵوێرانتر مامۆستای قوتابخانەییێکی دواناوندی کچان فێربووە، ناوەناوە لەسـەرخۆ بەکچە خوێنـدکارەکانی خـۆی دەڵێت هەستە هەی (.....)!!، شوفێرێکی تەکسی هەر ئەقڵی نەگرێت بەنەفەرەکـەی دەڵـێ وەرە خـواریێ هـیچ و پـووچ، وەسـتاییێکی فیتـەر بەشـاگردەکەی دەڵێـت، لـەکوێوەهاتی بـۆ ئـەوێت ئەبەمـەوە! کرێکـارێکی ئەسـیوبی لەشەقامەکانی هەولێر فێربووە، بەخەڵکی سەر جادە دەڵێت فاکیوو، بەبـەغاییێکیش لەخاوەنەکـەی فێربـووە بڵێـت خـوێری، بەڕێوەبـەری دائیرەیێـك کـەتورەبوو بـێ یـەك دوو بەفەرمانبـەرەکانی دەڵێـت بێدەماغینـە، پیرێـژنێك بەنەوەکەی خۆی دەڵێ مێشك جوو، لە هەمووی سەیرتر دوکانـدارێکی سـەوزە فـرۆش ئـەوەی بڵێـت ئـەم ڕسـقەت جوان نیە دەڵێت خۆ لەهینی... تۆ باشترە، ئەمانە هەمووی زمانی زبری بازار بوون، بۆیە ڕەنگە ئەوەنـدە جێگای گلەیی‌و تێڕامان نەبێت، بەڵام ئەوەی سەری لێتێکداوم زمانی زبری هەندێ نووسەرو ڕۆشنبیرانی کوردە، کەجێگای داخـە دوور لەهـەموو بـەهاو یاساو ڕێساییێکی ئینـسانی جنێـوو نـاتۆرە بەخـەڵك ئـەدەن بێئـەوەی خۆشـیان درك بەوەبکەن کەخەریکە لەبری زمانی ڕخنەو زمانی گوڵ زمانی جنێوو زمانی زبر جێگای دەگرێتەوە.